# گەلکوژی چییە: پێناسە، ڕوونکردنەوە، ڕەخنە و کێشەکان

## شاخەوان شۆڕش

لەم وتارەدا سەرنج دەدەینە پێناسەی گەلکوژی، هەندێ لە پێناسە جیاوازەکان، هەروەها کێشە و ڕەخنەکان. پاشان سەرنج دەدەینە چەمکەکانی "مەبەست" ی تایبەتی لەناوبردن و "بەش" ی لەناوبردراو، هەروەها چەندایەتی و چۆنایەتی بەشی لەناوبردراو و کاریگەریان لەسەر مانی گروپێک مرۆڤ یا گەلێکدا. پاشان لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوەی گوترا، ئەنجام و پوختەی بابەتەکە بەکورتی دەخەینەڕوو.

**پێناسەی گەلکوژی**[1]

گەلکوژی یا کوشتار بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجاریی کۆمەڵگەیەک یا کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت لەسەر بنچینەی ئایین، بیروباوەڕ، ڕەگەز، پۆلیتیک یا هۆکارێتر بۆ مێژووی زۆر زوو دەگەڕێتەوە، بۆیە دیاردەکە وەکو دیاردە زۆر کۆنە. ناوکی تاوانەکە کوشتنە بەمەبەستی نەهێشتن، واتە لایەنێک بڕیاری کوشتن دەدات یان هەڵدەستێ بە کوشتنی لایەنێکی نەیار بە مەبەستی نەهێشتنیان. بۆنمونە شارەزا و یاساناسی پۆلۆنی/ئەمەریکایی ڕەفایل لێمکین Lemkin Raphael پێیوایە گەلکوژی واتای نکۆڵیکردنی مافی بوونی گروپێکە بەواتای نکۆڵیکردنی مافی بوونی مرۆڤێک.[2]

پێویستە جیاوازی لە نێوان کوشتن لەسەر بنچینەی هوشیاری و بەئاگاییەوە، هەروەها کوشتن لەسەر بنچینەی ڕێکەوت بکرێت. پێویستە جیاوازی لە نێوان کوشتنی تاک و بەکۆمەڵ بکرێت. هەروەها مەبەست لە کوشتن، ئایا لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی ڕێکخراو و هەڵسەنگێندراوەوە سەرچاوەی گرتووە، یانژی بێ لێکدانەوەیەکی قووڵ سەری هەڵداوە. یان ئایا کوشتنەکە وەکو بەشێک لە ژیان و ژینگەی سەردەمێک یا ناوچەیەک پێداویستییە، یان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، یان هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕێکە. بەکورتی ئەگەر مەبەستی کوشتن هەبێت، لەسەر چ بنچینەیەک ئەو بڕیارە وەرگیراوە. لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کوشتن بە مەبەستی لەناوبردن ڕوودەدات، بەڵام ئەو کوشتنە بە هزرێکی گەلکوژی دانانرێت. پێویستە بگوترێت، کوشتنی کەسێک بە مەبەستی لەناوبردن بەتەنها ناچێتە خانەی تاوانی گەلکوژی، بڕیاری کوشتنی تاکێک لەلایەن کەسێکەوە لە زۆربەی بارەکاندا لە ئاستێکی سادەی بیرکردنەوە و ڕقی کەسی تێپەڕناکات.

دیارە کوشتن بە مەبەستی لەناوبردن، کردارێکە دەکرێ وەکو "هزرێکی" گەلکوژی چ لە ئاستی تاک یا کۆمەڵ سەیری بکرێت. بۆنمونە کە خۆکوژێک خۆی دەتەقێنێتەوە بە مەبەستی لەناوبردنی ئەوانەی کە ئەو خۆکوژە مافی ژیانیان لەسەربنچینەی هزر و ئایدۆلۆژیایەک بەڕەوا نازانێت، هزرێکی گەلکوژانەیە لە ئاستێکی بچوکدا. بەپێی زۆربەی پێناسەکان مەبەست لە تاوانی گەلکوژی، کوشتاری ژمارەیەکی زۆری خەڵکە بەیەکەوە یا سیستەماتیکی و لەدوای یەکدا کە وابکات بوونی گروپێک خەڵک یا کۆمەڵگەیەک یا نەتەوەیەک بخاتە مەترسی یا ڕەشکاتەوە.

پێناسەی گەلکوژی (ژینۆساید) هەروەها لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکە لە سەرەتای چلەکانەوە زیاتر سەرنجی درایێ و پاشان هەر لەو ساڵانەدا هاتە ناو چوارچێوەیەکی زیاتر فەرمی و یاسایی. وشەکە گینۆساید Genocide یەکەمجار لەلایەن شارەزای پۆلۆنی ڕەفایل لێمکین لە ناوەڕاستی چلەکاندا بەکارهاتووە. لێمکین لایوایە ناوکی تاوانی گەلکوژی هەوڵی لەناوبردنی گروپێک مرۆڤە.

دوای مشتومڕێکی زۆر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1948 لەسەر پێناسەیەک تەبایی ئەندامانی بەدەست هێنا. پێناسەکە دەرهاویشتەی ئەو تێگەیشتنەیە کە لە میانە و کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی لەناوبردنی نامرۆڤانەی ملیۆنەها جولەکە پەیدابوو. شایانی بیرخستنەوەیە ئەو پێناسەیە لەلایەن ستاتەکانەوە خۆیان پەسند کراوە، ئەو ستاتانە زۆربەیان ئەوسا و ئێستاش دیکتاتۆر و نادیموکراسین، گەلێکیان کەمەنەتەوە و گروپی ئەتنی دەچەوسێننەوە، هەروەها ئەو پێناسەیە بەبێ پرسی نوێنەرانی گەلانی ژێردەستەی جیهان کە قوربانی ڕاستەقینەی تاوانی پاکتاو و گەلکوژین، پەسند کراوە. لەو ڕوناگەیەوە ئەو پێناسەیە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ستاتەکانی لەبەرچاو گرتووە.

پێناسەکەی UN دەڵێ:[3]

گەلکوژی واتە هەر کردارێک بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی نەتەوەیەک، ڕەگەزێک، گرووپێکی ئایینی یا ئەتنی وەکو ئەوانەی خوارەوە:

– کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە
– زیان پێگەیاندنی مەنتالی و فیزیکی بە ئەندامانی گرووپەکە
– سەپاندنی مەرجی ئەوهای ژیان بەسەر گرووپەکەدا کە ببێتەهۆی لەناوبردنی بەشێکی یا تەواوی گرووپەکە
– سەپاندنی پێوەری ئەوها کە ڕێگا لە زاوزێ لەناو گرووپەکەدا بگرێت
– بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گرووپەکە بۆ گرووپێکی تر

پێناسەکە جەخت لەسەر لەناوبردنی فیزیکی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکاتەوە، لێرەدا تاوانی گەلکوژی خۆی لە تاوانی پاکتاوی کۆمەڵەگرووپێک کە بەهۆی کرداری ڕەشکردنەوە نافیزیکییەکانەوە ڕوودەدەن، جیادەکاتەوە. لەپاکتاوی ڕەگەزیدا دیاردەی وەکو پاکتاوی زمان، ڕاگواستن لە شونێک بۆ شوێنێک بەبێ لەناوبردن، پاکتاوی کەلتور، پاکتاوی مێژوو، گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی، ناو، شوێن و زۆریتر هەن، بەڵام ئەو دیاردانە یا تایبەتمەندیانە بەپێی پێناسەکەی UN تایبەتمەندی گەلکوژی نین. بەو پێیە گەلێ دیاردە و تایبەتمەندی پاکتاوی ڕەگەزی هەن ناچنە خانەی تاوانی گەلکوژی.

ئەو پێناسەیەی UN، پێناسەیەکە زۆر تەنگە، بە جۆرێ ناساندنی تاوانی گەلکوژی لەڕوانگەیدا زۆر سەختە، جگەلەوەی چەمکەکانی مەبەست و بەش بەوردی دیار نەکراون و کێشە ئامێزن.
وکو گوترا پێناسەکە بەجۆرێکە کە بەرژەوەندی ستاتەکانی لەبەرچاوگرتووە، ستاتەکان دەتوانن گەلێ جۆری پاکتاو و تاوانکاری پیادەبکەن، بەبێ ئەوەی بتواندرێ بە تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکرێن.
ئەو پێناسەیە ڕەخنەی زۆری لێگیراوە، چونکە دەتوانرێ تاوانکاریی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت و نەچێتە خانەی گەلکوژی. بۆنمونە کوشتاری خەڵک لەسەر بیروباوەری ڕامیاری ناچێتە خانەی گەلکوژی، یان کوشتاری گرووپی کۆمەڵایەتی، واتە گرووپێک خەڵک کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دروستی کردوون ناچێتە خانەی گەلکوژی. هەروەها کوشتاری بە هەزاران کەس ناچێتە خانەی گەلکوژی ئەگەر کاریگەری لەسەر مانەوەی گرووپە پەیوەستدارەکە نەبێت، لێرەدا مەبەست ئەو گرووپانەیە کە UN خۆی لە پێناسەکەدا ناوی هێناون. لە زۆربەی بارەکاندا کوشتنی چەند هەزار کەسێک کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر بوونی گرووپەکەدا نییە بەجۆرێ کە هەڕەشەی مانی لێ بکات، بەتایبەتی ئەگەر سەرجەمی ژمارەی گرووپەکە لە ملیۆن تێپەڕێت. هەروەها مەرج نییە بوونی یەکێک لە نیشانەکان یا تایبەتمەندییەکانی تاوانی گەلکوژی، هەروا ئاسان بە گەلکوژی دابندرێت. لە زۆر باردا ئەو دیاردانەی گەلکوژی هەن، بەڵام بە ئەنەجامدانیان بە گەلکوژی داناندرێت. دەکرێ بوونی تایبەتمەندیەکان بە هزری گەلکوژانە ناوزەد بکرێن، یا پەنجەیان لەسەر دابندرێت وەکو نیشانە یا تایبەتمەندیی گەلکوژی. بۆنمونە خەساندنی ژنانی کورد لەلایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ستاتی تورکیا، لە هزرێکی گەلکوژانەوە سەری هەڵداوە و یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی گەلکوژییە، بەڵام لە لایەن یاساناسانەوە وەکو بوونی تاوانی گەلکوژی سەیری ناکرێت.
لیۆ کوپەر Leo Kuper پێوایە بەلاوەنانی گرووپی ڕامیاری لە پێناسەکەدا، دەکرێ وابکات زۆر لە ستاتەکان مافی ژینۆسایدی گرووپی ڕامیاری بدەنە خۆیان. بەهەمان شێوە بنیامین ویتاکەر Benjamin Whitaker پێیوایە، بەلاوەنانی گرووپی ڕامیاری و گرووپی دیکە بەمەبەستی پارێزگاریان لە ڕێکەوتننامەکەدا، وادەکات هەر گرووپێکی ناو نەهێندراو لەژێرناوی گرووپی ڕامیاریدا، لەناوبردنی ڕەوابکرێت.[4]

پێناسەکەی ڕەفایل لێمکین گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، چونکە بۆ پێناسەکەی UN سوودی لێوەرگیراوە. هەرچەندە هەموو ئەوەی لێمکین دەیگوت پەسند نەکرا. لێمکین دەڵێ، "گەلکوژی تێکشکاندنی ناوکی بوونی ژیانی گرووپێکی ناسیونالە، بە ئامانجی نەهێشتنی گرووپەکە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو مەبەستە، دەکرێ هەوڵی لێکترازاندنی دامەزراوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکان، کەلتور، زمان، هەستی نەتەوایەتی، ئایین، هەروەها بوونی پێگەی ئابوری گرووپێکی ناسیونال بدرێت، هەروەها تێکشکاندنی ئاسایشی کەسیی، ئازادی، تەندروستی، بەها، هەروەها تەنانەت ژیانی مرۆڤەکانی ئەو جۆرە گرووپانە".[5] پێناسەکەی لێمکین فراوانە و گەلێ لەو نیشانانە دەگرێتەوە کە لە پاکتاوی

ڕەگەزیدا خۆیان دەنوێنن. گەلێ لەو میتۆدانەی ئەو ئاماژەیان بۆ دەکات، لەژێر پێناسەکەی ئێستای UN ناچنە ژێر خانەی نیشانەکانی گەلکوژی. بۆنمونە زیانگەیاندن بە زمان یان پێگەی ئابووری یان هەستی نەتەوایەتی هتد. گروپی قوربانی، لە پێناسەکەی UN وەکو مەرجەکانی گەلکوژی سەیریان ناکرێت و لە پێناسەکەدا نەنوسراون. ڕەفایل لێمکین، ڕەخنەی لەو پێناسەیە هەبوو و پێیوابوو، ئەو پێناسەیە زیاتر پەیوەندی بە بارێکی تایبەتی گەلکوژیەوە هەیە، ئەویش نازیەکان و هۆلۆکۆستی جولەکەکانە، ئەوەش بەتەنها بەس نییە. ئەو پێیوابوو، دەبێ پێناسەکە لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانترەوە بڕوانێتە تاوانی گەلکوژی و بۆ هەموو بارێک، کەلتورێک، شوێن و سەردەمێک دەست بدات.[6]

بەرلەوەی بچینەسەر هەندێ پێناسەی جۆراوجۆری گەلکوژی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەوا شارەزایان کە لە تاوانی گەلکوژی دواون، زیاتر خۆیان لەژێر دوو جۆری شارەزا لە دوو بواری جیاوازدا دەدۆزنەوە، ئەوانیش یاساناسان و کۆمەڵناسانن. زۆر لە کۆمەڵناسان لەگەڵ پێناسەیەکی بەرفراوانی گەلکوژی دان. هەروەها کۆمەڵناسان سەرنج دەدەنە ئەوەی چۆن و بۆچی تاوانەکە ڕوویداوە. هۆکارەکانی ناکۆکیەکە، ژینگەی ڕووداوەکە و هەلومەرجەکانی ژیان هتد. بۆ ئەوان گرنگە. ئەوان دەیانەوێ ڕوونکردنەوە و وەڵام بۆ تاوانەکە بدۆزنەوە. هەرچی یاساناسانن، ئەوانە زیاتر خۆیان بە پێناسەکەی UN دەبەستنەوە. یاساناسانی نێونەتەوەیی سەرنج دەدەنە ئەوەی ئایا تاوانی گەلکوژی بووە یان نا. ئەگەر تاوانەکە ڕوویداوە بەپێی چ یاسایەک و چۆن، وە بەپێچەوانەوە.

شارەزایان و لێکۆڵەرانی دی پێناسەی جۆراوجۆریان بە تاوانی گەلکوژی هەیە. بۆنمونە ئیسرایل چەرنی Israel W. Charny دەڵێ، "کوشتنی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی دیاری کۆمەڵە مرۆڤێکی بێ بەرگری، لەبارێکدا کە لە جەنگدا نەبن، گەلکوژییە." وەکو لە پێناسەکەدا دیارە، چەرنی لایەنگری ئەو شارەزایانەیە کە دەیانەوێ پێناسەی گەلکوژی فراوان بکرێت، کۆمەڵکوژی بە هەندێ جۆری گروپی دیاریکراو نەبەسترێتەوە. بەپێی پێناسەکەی ئەو دەکرێ زۆرجۆری کۆمەڵکوژی بە تاوانی گەلکوژی دابندرێت.
ئیرڤینگ لویس هۆرۆڤیتز Irving Louis Horowitz لە پێناسەکەیدا دەنوسێ، "گەلکوژی لەناوبردن و تێکشکاندنی سیستەماتیکیانەی پێکهاتەی خەڵکی بێتاوانە لەلایەن دەزگای بیرۆکراتی ستاتەوە."
هۆرۆڤیتز کە شارەزایەکی کێشەی نێوان گروپە ئەتنی و ناسیونالەکانی ناو ستاتە، پەنجەلەسەر تاوانەکە لەلەیەن دەزگای بیرۆکراتی ستات دادەنێت، کە لە زۆربەی بارەکاندا ستاتە گروپێک خەڵکی ژێردەستە سیستەماتیکیانە لەناو دەبات یا هەوڵی لەناوبردنیان دەدات. ئەو گروپە خەڵکەش دەکرێ گروپی ئایینی بن، نەتەوەیی بن یا هەر جۆرێکی دیکە بن. کە ئەو هیچ جۆرە گروپێکی بەتایبەت دیار نەکردووە، ئەوە پێناسەکەی بەرفراوان دەکات بە جۆرێ زۆرجۆری گروپی قوربانی دەگرێتەوە.
پیتەر درۆست Pieter Drost دەڵێ، "گەلکوژی لەناوبردنی بەئاگایانەی مرۆڤەکانە لەبەر ئەندامبوونیان لە کۆمەڵگەیەکدا".[7] درۆست وەکو زۆری دیکە هیچ گروپێک دیار ناکات و بۆیە دەکرێ بڵێین مەبەستی هەر کۆمەڵگەیەک یا گروپێکە کە بەر شاڵاوی کوشتاری پلان بۆدانراو دەکەون. ئەو شارەزایانەی کە نایەنەوێ جۆری گروپ وەکو پێناسەکەی UN دیار بکەن، پێناسەکەیان لەوەی UN فراوانترە و دەکرێ لە سایەیاندا زۆر جۆری کۆمەڵکوژی بە گەلکوژی دابندرێت.
بەپێچەوانەی ئەو لێکۆڵەرە نەرمانە، لێکۆڵەر هەیە تەنها لەناوبردنی تەواوی گروپێک یا نەتەوەیەک بە گەلکوژی دادەنێت، بۆنمونە ستیڤن کاتز Steven L. Katz دەڵێ، "تەنها کاتێک گەلکوژی لەئارادایە ئەگەر نیازی لەناوبردنی تەواوی گروپێک هەبێت".[8] بە بۆچوونی ئەو تەنها تاوانی هۆلۆکۆست دەچێتە خانەی گەلکوژی. لای کاتز کوشتن و لەناوبردنی بەشێکی گروپە قوربانیەکە، ئەگەر ئەو بەشە گرنگیش بێت، یا ژمارەیەکی زۆریش بێت، بەڵام چونکە نەبۆتەهۆی لەناوبردنی تەواوی گروپەکە، ناتواندرێ ئەوە بسەلمێنین کەوا مەبەستی لەناوبردنی هەموو گروپەکە لە ئارادا بووە.

**چەمکەکانی مەبەست و بەش**

نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێناسەکەیدا جەخت لەسەر هەبوونی نیاز یا مەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی نەتەوەیەک، گروپێکی ئایینی، ڕەگەزی یا ئەتنی دەکاتەوە.[9] لە پێناسەکەی UN دا دوو چەمک بوونەتە جێگای ڕەخنە و مشتومڕی شارەزایانی جیهانی بەگشتی و شارەزایانی گەلکوژی بەتایبەتی، ئەوانیش چەمکەکانی مەبەست (نیاز) و بەش

ن. پێناسەکە جەخت دەخاتە سەر ئەوەی، ئایا تاوانکار "مەبەستی" لەناوبردنی بەشێکی یا کۆی گروپە قوربانییە نەویستراوەکەی هەبووە، هەروەها ئایا ئەو "بەشەی" لەناوبردراوە کاریگەری لەسەر مانی گروپەکە هەیە، یان ئایا بەشە لەناوچووەکە بەشێکی هێندە تایبەت و گرنگن بەجۆرێ کە هەڕەشە لەسەر مانەوەی تێکرای گروپەکە دروست بکەن.[10]

بەرلەوەی بچینەسەر چەمکەکانی مەبەست و بەش، پێویستە بگوترێت، زۆربەی ڕەهای شارەزایان لەسەر ئەوە تەبان کەوا ناوکی گەلکوژی بوونی مەبەستی لەناوبردنی گروپێکە، یا بوونی کردار و کردەوە بۆ لەناوبردنی گروپێکە، ئەوەش لە پێناسەکەی UN دا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**چەمکی مەبەست و ئەگەری سەلماندنی**

لە ئەگەری بوونی کوشتارێکی گەورە یا بەرفراواندا، کە جۆری پاکتاوی گروپێک پیشان بدات، دەکرێ ئەو کوشتارە ببێتەهۆی پاکتاوی ژمارەیەکی زۆری گروپە قوربانییەکە، بەڵام بەبێ سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن لەلایەن تاوانکارانەوە، ئەو کوشتارە هەروا ئاسان ناچێتە خانەی گەلکوژی بەپێی پێناسەکەی UN. جگەلەوەی ئەگەر ژمارەی بەشە لەناوبردراوەکە کاریگەری نەکاتە سەر بوونی تەواوی گروپەکە، ئەوە دیسان مەرج نییە بە گەلکوژی دابندرێت (دواتر زیاتر دێمە سەر چەمکی بەش). لەبەرئەوە دەکرێ دڕندەترین کوشتار نەچێتە خانەی گەلکوژی، ئەگەر مەرجەکانی ئەو پێناسەیە پڕنەکەنەوە، دیارە ئەوش پێشگرێکی کوشندەی ناساندنی کوشتاری دڕندانە و گەورەیە بە تاوانی گەلکوژی. بۆنمونە کوشتنی 200 تا 300 هەزار مرۆڤی دارفوری لە وڵاتی دارفور لە ڕۆژئاوای سودان، تائێستا نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو کوشتارە لە لایەن UN ەوە بە تاوانی گەلکوژی دابندرێت.

لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە بۆ بوونی تاوانی گەلکوژی سەرنج بەشێوەیەکی بنچینەیی دەدرێتە ئەگەری بوونی مەبەستی لەناوبردنی گەل یا گروپێک لە کوشتاردا. هەروەها جۆری مەبەستەکە چییە و لە چ ڕوانگەیەکەوە بووە، بەمجۆرە ئایا تاوانکار ئەو مەبەستەی هەبووە کە لە پێناسەکەی UN دا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

تێگەیشتنی دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی ڕواندا ICTR بۆ بوونی مەبەستی لەناوبردن لە تاوانی گەلکوژیدا ئەوەیە، کەوا تاوانکار لە جێبەجێکردنی تاوانەکەدا هەوڵ دەدات ئامانجێکی دیاریکراو لە ڕێگای کردارە هەنوکەییەکەی بەدەست بهێنێت. واتە ئامانجەکە دواتر لە دوای جێبەجێکردنی تاوانەکە دێتەدی. ئەوە پێی دەگوترێت **مەبەستی تایبەت** special intent. گوتنی ئەوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، تاوانکار بەویستەوە تاوانەکە ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی لەو ساتەدا هیچ ئامانجێکی زیاتری هەبێت؛ تاوانکار دەزانێ کارەکەی ئەو دەبێتەهۆی یا دەکرێ ببێتەهۆی هێنانەدی ئەنجامێکی دیاریکراو؛ تاوانکار دەزانێ یا دەبێ زانیبێتی ئەو کردارەی دەبێتەهۆی یا دەکرێ ببێتەهۆی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو.[11]

دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی ڕواندا ICTR پێناسەی "مەبەستی تایبەت" ئەوها دەکات؛ "مەبەستی تایبەت، مەبەستێکی دیاریکراوە، وەکو تایبەتمەندیەکی داواکاوی تاوانەکەیە، کە تیایدا تاوانکار ڕاکشاوانە هەوڵی بەرهەمهێنانی کارە بڕیار لەسەردراوەکە دەدات. بەمجۆرە مەبەستی تایبەت لە تاوانی گەلکوژیدا مەبەستێکە بۆ لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی ناسیۆن، ڕەگەزێک، گروپێکی ئاینی یا ئێتنی."[12]

لە یەکلاکردنەوەی ئەگەری بوونی مەبەستی تایبەت لە کوشتاری توتسیەکانی ڕواندا، لەبەرئەوەی کوشتارەکە هێندە گەورە، دڕندانە و سیستەماتیکی بوو، دادگاکە تووشی کێشەیەکی ئەوتۆ نەهات. بەڵام دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا ICTY تووشی کێشەی زۆر هات بۆ سەلماندنی ئەگەری بوونی مەبەستی تایبەت لە کوشتاری بۆسنیەکاندا. بۆنمونە لە دادگاییەکەی گۆران یەلیسیچ Goran Jelisic (کە بە تاوانی کوشتن و تالانەکانی ناوچەی برکۆ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بۆسنە لە مای 1992 درایە دادگا)، دادگا نەیتوانی بە تاوانی گەلکوژی تاوانباری بکات و گوترا؛ "نەتوندرا بەبێ هیچ گومانێک بسەلمێندرێت، کەوا تۆمەتبار مەبەستی تایبەتی گەلکوژی لەخواستیدا هەبووە."[13] لە کەیسی ڕادیسلاڤ کریستیچ Radislav Krstic [14] دوای هەشت ساڵ مشتومڕ ئەوجا دادگا هاتە سەر ئەو بڕیارە کۆتاییەی کەوا مەبەستی تایبەتی لەناوبردن لە کوشتارەکەی سرەبرەنیسادا هەبووە، بەمشێوەیە تۆمەتبار بە تاوانی یارمەتی و بەشداری لە تاوانی گەلکوژی تاوانبار کرا.

سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن هەمیشە یەکێک لە پرسیارە کێشەئامێزەکان بووە، دیارە لە لایەن شارەزایانەوە لێکدانەوەی جوداشی بۆ دەکرێت. بۆیە بوونی بەڵگە بۆ مەبەستی لەناوبردن زۆر گرنگە.

بەهۆی نەبوونی دەکومێنتی نووسراو کە تیایدا ئاماژە بە مەبەستی لەناوبردن بکات، یان بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندن و بەیانی فەرمی سەبارەت بە مەبەستی کوشتار، سەلماندنی بوونی مەبەست سەختە. بۆنمونە جۆن ڕۆس Jhon K. Roth دەڵێ، "سەلماندنی بوونی مەبەستی گەلکوژی (بەبێ بوونی بەڵگەی نووسراو یا ڕاگەیاندنی ئاشکرا) زۆر سەختە، تا ئەو کاتەی لەناوبردنی گرووپێک چیتر ناتواندرێ بشاردرێتەوە."[15] کارەساتی دارفور نمونەیەکی زیندووە لەمبارەیەوە.

لەزۆربەی کۆمەڵکوژییەکاندا تاوانکار هەوڵ دەدات خۆی لە ڕاگەیاندنی مەبەستی تاوانکاریەکەی بپارێزێت، یا هەوڵ دەدات کوشتارەکە بە بەرگریکردن لە نیشتیمان ببەستێتەوە، ئەوەش لە چوارچێوەی بوونی جۆرێکی جەنگ. دیارە لە زۆربەی کۆمەڵکوژیەکاندا کە لە نێوان ستات و گروپی نەویستراودا ڕوودەدەن، جۆرە جەنگێک وەکو بۆنمونە جەنگی ناوخۆ لە نێوان گەلی ژێردەست و ڕژێمی دیکتاتۆردا لە ئارادا بووە.

هێلین فەین Helen Fein وەکو ئەوان پێیوایە، مەبەستی ڕانەگەیندراوی تاوانکار وادەکات سەلماندنی بوونی مەبەست زۆر سەخت بێت. ڕاتنەر و ئەبرام Ratner and Abrams پێیانوایە بۆیە لەزۆربەی بارەکاندا، بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی مەبەست، نارەستەوخۆ و بەپێی هەلومەرجەکانەوە دەبن.[16]

لە لایەکیتر جۆن وێب Jhon Webb کە یاساناسە پێیوایە، ئاسانکردنی سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن رەخنەهەڵدەگرێ، چونکە بەبێ کوشتاری بەشێکی دیاری گروپی قوربانی، بەپێی پێناسەکەی UN، ئەو کوشتارە ناچێتە ژێر خانەی گەلکوژی.[17]

بەپێی جۆناسۆن و چەلک Chalk and Jonasshon سەلماندنی تاوانی گەلکوژی پێویستی بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە و باوەرپێکراو سەبارەت بە بوونی مەبەستی لەناوبردن هەیە. گۆتەی سۆزدار و لایەنگیرانە سودیان بۆ سەلماندنی یاسایی نییە. کاتێ لایەنی قوربانی بانگاشەی بوونی تاوانی گەلکوژی دەکەن و ڕاپۆرت لەمبارەیەوە دەدەن، پێویستە ئەو بانگاشە و ڕاپۆرتانە پشتراست بکرێنەوە. هەروەها کاتێ کە تاوانبار لە وتەکاندا هەرەشە دەکەن، پێویستە لەو گوتنانە بکۆڵدرێتەوە، کەوا ئایا ئەو وتانە تەنها هەرەشەی سەرپێین یا پەیوەندی بە کرداری گەلکوژانەی پلانبۆدانراوەوە هەیە.[18] لەلایەکیتر ئەوان پێیان وایە ئەگەر مەبەستی تاوانبار شتێتریش بێت، بەڵام ئەگەر تاوانبار بزانێ کە کردارەکەی بێ یەکودوو دەبێتە گەلکوژی، ئەوە لەو بارەدا مەبەستی لەناوبردن لە ئارادایە. دیارە ئەو گوتنە کێشەی هەیە، چونکە ئەگەر تاوانبار مەبەستی لەناوبردن نەبێت، چۆن دەتوانرێ بسەلمێندرێت، کە تاوانبار زانیویەتی کردارەکەی دەبێتە گەلکوژی؟ چۆن دەتواندرێ تاوانی گەلکوژی بسەلمێندرێت، ئەگەر لە بنچینەدا مەبەستی لەناوبردن نەبووبێت؟ بۆ سەلماندن رەنگە تەنها بوونی بەڵگەی نوسراو و لێکۆڵینەوەی چڕی هەردوو بەرەی ناکۆکی بتوانن ئەوە بسەلمێنن. ئەوەش لە هەموو بارێکدا ئاسان نییە، یا سەختە بکرێت.

بەپێی ڕاتنەر و ئەبرام Ratner and Abrams پێناسەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە چەمکی مەبەست، کەموکوری هەیە، چونکە چەمکی مەبەست بە وردی ڕوون نەکراوەتەوە. ئەوان دەڵێن، دەکرێ بەهۆی کۆکردنەوەی بەڵگەی جۆراوجۆری زیندوو بگەینە ئەو ئاستەی بوونی مەبەستی لەناوبردن بسەلمێندرێت.[19]

سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان، لە وتەیەکیدا دەڵێ، ئەگەر ژمارەی بەشی لەناوبردراو گەیشتە 30 یا 40 لەسەدای سەرجەمی گروپە قوربانیەکە، ئەوە گومان لە بوونی نیازی لەناوبردن نییە و کوشتارەکە گەلکوژییە.[20]

لەلایەکیتر تەنها سەلماندنی مەبەستی لەناوبردن خۆیلەخۆیدا نابێتەهۆی بوونی تاوانی گەلکوژی، ئەگەر بەشە لەناوبراوەکە هێندە زۆر نەبن یان لەڕووی چۆنایەتیەوە هێندە گرنگ نەبن، بتوانن هەرەشە لە بوونی ئەو گروپە قوربانییە بکەن، بە بۆچوونی گەلێ لە یاساناسان. لەلایەکیتر ئائێستا UN پێیوانییە، کوشتنی 300 هەزار دارفوری بوونەتە هۆی هەرەشە لەسەر بوونی گەلی دارفور، هەروەها پێیوانییە ئەو کوشتارە دەتوانی بوونی مەبەستی لەناوبردن بسەلمێنێت. بەپێچەوانەی UN، ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و ئەمەریکا کوشتاری دارفور بە تاوانی گەلکوژی دادەنێن.

سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن لەلایەن تاوانکارەوە، دەکرێ بسەلمێندرێت لەئەگەری بوونی یەکەم: بەڵگەنامە و دەکومێنتدا. واتە کاتێ دەسەڵاتی تاوانکار بە نووسراو بڕیاری لەناوبردنی گروپێک خەڵک لەسەر بنەچەی رەگەزییان، یان ڕەوتی ئایینیان هتد. دەدات. بۆنمونە بڕیارەکانی سەرکردایەتی ڕژێمی ئێراق لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دژ بە کوردەکانی ناوچە حەرامکراوەکانی کوردستان، بەڵگەن بۆ سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن. یانێ بوونی بەڵگەی جۆراوجۆر وەکو ئەوەی لە بۆنەکاندا بەجۆرێ لە جۆرەکان دان بەو کارە دەندرێت و هەروەها دووبارە دەکرێتەوە، دەکومێنتی نوسراو، گوتنی ناو چاوپێکەوتن، وتەدان، تێکەڵکردنی مەبەستی لەناوبردن بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن،

بڵاوکردنەوەی ڕق و دژایەتی دژی گرووپی نەویستراو بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە (بۆنمونە وەکو ئەوەی لە ڕواندا ڕوویدا) هتد. هەمووی ئاماژە بە بوونی مەبەستی لەناوبردن دەکەن.
دووەم: لە ئەگەری بوونی کوشتنی سیستەماتیکیانەی ئەندامانی سەر بە گرووپێکی تایبەت، لەبەر ئەندامبوونیان لە گروپەکەدا، ئەگەر بێتوو کوشتارەکە کوشتنی هەزاران یان دەیان هەزار و بەرفراوان بێت، دەکرێ ببێتەهۆی سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردنی گروپە نەویستراوەکە. بەڵام لێرەدا پرسیاری ڕادەی گرنگی و کاریگەری بەشە لەناوبردراوەکە لەسەر تەواوی گروپە قوربانیەکە سەرنجی دەدرێتێ.
سێیەم: لەئەگەری بوونی کوشتاری بەهەزاران لە خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات، هەزاران پیرو، ژن و منداڵ کە سەر بە گرووپێکی ڕەگەزی یا ئایینی یا ئەتنی تایبەت بن، دەکرێ بەڵگەی بەهێزبن بۆ سەلماندنی بوونی مەبەستی لەناوبردن لە لایەن تاوانکارەوە.
چوارەم: لە ئەگەری لەناوبردنی بەشێکی زۆری خەڵکە نەویستراوەکەدا بە جۆرێ گومان لە مەترسی لەناچوونی گروپێکدا ناهێڵێتەوە، لەو بارەدا (هەروەکو زۆربەی شارەزایان لەسەری تەبان) گومان لە بوونی مەبەستی لەناوبردن نامێنێتەوە.
هەروەها لە ئەگەری نەبوونی دەکومێنتدا، دەکرێ سەرنج بدرێتە ئەو بارودۆخەی کە دەوری کردارەکەیان داوە، کە وەکو "هەلومەرجی بیندراو" لەلایەن هەردوو دادگای ڕواندا و یوگوسلاڤیا ناسراوە. بۆنمونە دادگای ICTR لە کەیسی ئاکایەسو Akayesu دا سەرنجی دایە سروستی سیستەماتیکیانەی کوشتار؛ داماڵینی قوربانیان لە هەموو هۆکارێکی بەرگریکردن تا بۆ کوشتن ئاسان بن؛ کوشتنی منداڵی تازە لەدایک بوو؛ کوشتنی ئەو ژنە سکپڕە هوتوانەی پیاوی توتسیان هەبوو؛ ڕێگاگرتن لە دەربازبوونی توتسیەکان؛ پروپاگەندی ڕادیۆیی دژەتوتسی؛ کوشتاری ئۆرگانیزەکراو هتد.[21]

**گرنگی بەشی لەناوبردراو لە ڕووی چەندایەتیەوە**

مشتومڕ لەسەر چەندایەتی بەش و کاریگەری لەسەر مانی گروپ زۆرکراوە و ئێستاش درێژەی هەیە. پرسیاری گونجاو لەمبارەیەوە، مەبەست لە بەش چییە؟ ژمارەی ئەو بەشە دەبێ چەند بێ تا بە گەلکوژی دابندرێت؟ ئەگەر ژمارەکە لەچاو سەرجەمی ژمارەی گروپەکە زۆر نەبوو؟
کاتێ بەشێکی گەلێک یا گروپێکی ئەتنی یا ئایینی لەناودەبردرێت، ئەوە پرسیار لە ژمارەی ئەو بەشە لەناوبردراوە و گرنگیی بۆ مانی کۆی گروپەکە دەکرێت. لێرەدا ژمارەی کوژراوەکان لە ڕووی چەندایەتیەوە گرنگی پێدەدرێت، ئەگەر ژمارەی بەشە لەناوبردراوەکە هێندە زۆربن، کە گومان لەسەر کوشندەیی تێکشکاندنی بوونی گروپەکە یا لەناوچوونی گروپەکە نەهێڵنەوە ئەوە کوشتارەکە بە تاوانی گەلکوژی دادەندرێت. ئەگەر ژمارەکە هێندە زۆرنەبن بتوانن بوونی گروپەکە شەل بکەن یا نەتوانێ وا بکات گروپەکە هەڕەشەی لە ناوچوونی بکەوێتەسەر، ئەوە دەکرێ کوشتارەکە بە تاوانی گەلکوژی دانەندرێت.
شایانی بیرخستنەوەیە، ڕێکەوتن لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو نییە و لە پێناسەکەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دیار نەکراوە. ئەوەش لە ڕاستیدا کێشە و مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە. هەروەکو بەپێی کۆفی ئەنان سکرتێری UN کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا، کوشتنی 30 لەسەدا یا زیاتر، گومان لەبوونی مەبەست ناهێڵێتەوە. ئەوەش بۆچوونی سکرتێری UNە و بریارێک نییە بەیاسا کرابێت. بەو پێیە ئەگەر ژمارەی کوژراوان لەو ڕێژەییە کەمتر بن، کەواتە تاوانی گەلکوژی ئەنجام نەدراوە. دیارە ژمارەی کوژراوانی بۆسنیەکانی سرەبرەنیسا 8000 کەس بوون و لەچاو ژمارەی سەرجەمی خەڵکی بۆسنە زۆر لە خوار ئەو ڕێژەیەیە کە ئەنان دیاری دەکات، بەڵام کوشتارەکە لە بریاری دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا ICTY لە ئەپریلی 2004 دا بە تاوانی گەلکوژی داندرا.
هەردوو بەڕێوبەرایەتی ئەمەریکایی کارتەر و نیکسۆن لە سەردەمی خۆیاندا، پێشنیاریان کرد کە "بەشی لەناوبراو دەبێ بەشێکی واتادار بێت، ئەوەش واتای ئەوەیە کەوا ژمارەیەکی هێندە دیاربن، بەجۆرێ کە لەناوچوونی ئەو بەشە ببێتەهۆی تێکشکانی گروپەکە وەکو یەکەیەکی گونجاو".[22] بەپێی ئەو دەربڕینە، دەبێ ژمارەی لەناوچوان لە ئاستی ژمارەی گشت، زۆر بەرز بێت. ڕەنگە تەنها کارەساتی وەکو هۆلۆکۆست بتوانێ ئەو داخوازییە پڕ کاتەوە. ئەو دەرئەنجامە لەسەردەمی جەنگی ساردا گوتراوە، شایانی گوتنە بە درێژایی سەردەمی جەنگی سارد، هیچ تاوانکار و کۆمەڵکوژێک لەسەر تاوانی ژینۆساید لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراوە، هیچ دادگایەکیش بۆ ئەو مەبەستە نەبووە. دیارە ئەوە گەلێ هۆی هەبووە، لەوانە سیستەمی دووپۆلاری، سیستەمی وێستفالیان، پرەنسیپی سەروەری و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆدا، هۆکاری دیارن.

هەروەها یاساناس و شارەزا جۆن ویب Jhon Webb بۆچوونێکی لەو شێوەیە گوزارشت دەکات و پێیوایە دەبێ بەشە لەناوبردراوەکە بەشێکی دیاری سەرجەمی ژمارەی گشتیی گروپەکە پێکبهێنێت.[23] بەهەمان شێوە نەهیمە رۆبنسۆن Nehemiah Robinson پێیوایە ژمارە بۆ پێناسەکەی گەلکوژی گرنگە، دەبێ ئەو ژمارەیەش زۆر و واتادار بێت، چونکە مەبەستی پێناسەکە ژمارەی زۆر و واتادارە.[24] رەفایل لێمکین Raphael Lemkin، کەمێ نەرمترە و دەڵێ، " پێویستە لەناوبردنی بەش، کاریگەری لەسەر گشت هەبێت".[25] واتە دەکرێ بەشی لەناوبراو بچێتەژێر پێناسەی گەلکوژی ئەگەر بەشە لەناوچووەکە هێندە زۆربن کاریگەری دیار لەسەر ئەگەری مانەوەی گروپە قوربانیەکە بکەن.
بەکورتی مەبەست لە بەشی لەناوبردراو لە ڕووی *چەندایەتیەوە*، ژمارەیەکی زۆری کوژراوانە. ژمارەکە دەبێ هێندە زۆربێ کە بتوانێ هەڕەشە لە بوونی تەواوی خەڵکە قوربانییە بەرکەوتووەکە بکات. ئەگەر نا سەختە لەناوبردنی بەشێکی گەلێک، بتوانێ تاوانی گەلکوژی بسەلمێنێت بەپێی پێناسەکەی UN، لە ڕووی یاساییەوە.

**گرنگی بەشی لەناوبردراو لەڕووی چۆنایەتیەوە**

ئەگەر ژمارەی بەشە لەناوبردراوەکە زۆر نەبن بە شێوەیەک نەتوانن کاریگەری لەسەر مانەوەی گشت لە ڕووی چەندایەتیەوە پیشان بدەن، لێرەدا سەرنج دەدرێتە ڕادەی گرنگیی ئەو بەشە لەناوچووە بۆ بوونی کۆی گروپەکە. ئەگەر ئەو بەشە لەناوچووە تایبەتمەندیەکی تایبەت یا واتاداریان بۆ گشت نەبێت، واتە نەمانیان نەبێتە هەڕەشەی کۆنکریتی لەسەر مانی گشت، ئەوە ئەو کوشتارە یا کۆمەڵکوژییە ناچێتە ژێر داواکاریەکانی پێناسەکەی UN. وەکو دیارە لێرەشدا جەخت دەخرێتەسەر کاریگەری بەشی لەناوچوو لەسەر مان و بوونی گشت.
ڕاتنەر و ئەبرام Ratner and Abrams پێیانوایە دەکرێ سروشت و جۆری بەشی قوربانی بۆ کۆی گروپە لێدراوەکە گرنگ بن، بۆنمونە لەناوبردنی سەرکردە یا سەرکردەکانی گروپ دەکرێ کاریگەری گرنگی لەسەر ئەگەری مانەوەی گروپی قوربانی هەبێت. هەروەها سەبارەت بە پێناسەکەی UN دەڵێن، "یاسایەکی تایبەت بە قەوارەی گروپی بەرکەوتوو دانەندراوە، هەروەها ژمارەی داواکراوی قوربانیان دەکرێ بگۆڕێ لە دۆزێکەوە بۆ دۆزێکی تر."[26] مەبەستیان بەرزی ئەو ژمارەیەی کە بوونی تاوانی گەلکوژی دەسەلمێنێت، بەپێی قەوارەی گروپەکان دەگۆڕێن. هەروەها ویتاکەر Whitaker بەهەمان شێوە پێوایە دەکرێ بەشی لەناوبردراو لە لایەنی چۆنایەتیەوە بۆ گروپ گرنگ بن، وەکو لەناوبردنی سەرکردایەتی گروپ.[27]
واتە دەکرێ بەشی لەناوچوو بە ژمارە لە ئاستی ژمارەی سەرجەمی کۆمەڵگە بەرکەوتووەکەدا زۆر کەم بن، بەڵام واتای گرنگیان بۆ ئەگەری مانەوەی گشت هەبێت، ئەوەش لەبەر واتاداریی و تایبەتمەندیی بەشە لەناوچووەکە بۆ سەرجەمی کۆمەڵگە بەرکەوتووە قوربانیەکە. دیارە هەڵسەنگاندن و ناساندنی بەشێکی لەناوچووی بەژمارە کەم، گەلێجار کێشە ئامێزە و دەکرێ لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەمە بکرێت، بەمجۆرە دەرئەنجامی جودا بدرێتەدەست. ئەوەش لە ڕاستیدا هۆکارێکە لەو هۆکارانەی دەکرێ ببێتەهۆی بوونی جیاوازی ئەنجام لە ناساندنی بوونی تاوانی گەلکوژی لە دادگای جیاوازدا.
تایبەتمەندی یا واتاداری بەش دەکرێ سەبارەت بە شوێنی ژیانی خەڵکە لەناوچووەکە بێت، واتە ناوچەکە و پاککردنەوەیان گرنگی تایبەتی هەبووە بۆ نەهێشتنی تەواوی خەڵکە نەویستراوەکە. دەکرێ واتاداری بەش لەبەر شوێنی کۆمەڵایەتی بێت، بەجۆرێک نەمانی ئەو بەشە کاریگەری لەسەر بوونی گشت دەکات و ئاسانکاری لەناوبردنی گشتە نەویستراوەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ تاوانکاران دەرەخسێنێت.
دیارە گەلێ لە شارەزایانی یاساناس (بۆنمونە ئەوانەی پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا) دان بەوە نانێن و لەناوبردنی بەشێک لە کۆمەڵگەیەک تەنها لەڕووی چەندایەتیەوە بەگرنگ دەزانن، واتە ئەوانە ژمارەی بەرزی لەناوچووان بەگرنگ دەزانن.
ئەگەر سەرنج بدەینە گرنگی بەش لەڕووی چۆنایەتیەوە، هەروەها کاریگەری بەش لەسەر بوونی کۆی نەتەوەیەک یا گروپێکی ئەتنی، ڕەگەزی یا ئایینی ئەوا دەکرێ بڵێین، بەشی لەناوبردراو ئەو داخوزییە پردەکاتەوە یا بۆ ئەگەری مانی گشت گرنگە، ئەگەر بە جۆرێ لە جۆرەکان نەمانی بەشەکە کاریگەری لەسەر ئەگەری مانەوەی کۆی گروپە لێدراوەکە بکات. ئەوجا دەکرێ گرنگیەکە لەبەر شوێنی ژیانیان واتە لەبەر گرنگی خاک بێت، دەکرێ لەبەر شوێن و پایەی کۆمەڵایەتیان بێت، دەکرێ لەبەر شوێن و پایەی ڕامیاری یا توانای ئابووریان بێت.

لە دادگاکانی تایبەت بە تاوانی گەلکوژیدا، تا ساڵی 2004 لە هیچ کەیسێکدا لەناوچوونی بەش لەبەر گرنگی چۆنایەتی بۆ بوونی کۆی گروپ، نەبووە هۆی سەلماندنی تاوانی گەلکوژی. ئەوەش لەلایەک لەبەر سەختی

پێناسەکەی UN، نادیاری و ناڕوونی لە چەمکی "بەش" دا، لە لایەکیتر لەبەر نەبوونی دادگای نێونەتەوەیی یا ناسیونال بۆ تاوانی گەلکوژی بە درێژایی سەردەمی جەنگی سارد.
ئەو بارە لەگەڵ دەرئەنجامی دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا ICTY سەبارەت بە کەیسی ڕادیسلاڤ کریستیچ Radislav Krstic گۆڕانی بەسەردا هات. بڕیاری کۆتایی دادگا و تاوانبارکردنی کریستیچ بە تاوانی گەلکوژی، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو سەبارەت بە پێناسەکەی UN. کریستیچ لەسەر کوشتاری 8000 کوڕ و پیاوی موسڵمانە بۆسنیەکانی سرەبرەنیسا لە مانگی ژولای ساڵی 1995دا بە یارمەتیدەر و بەشدار لە تاوانی گەلکوژی تاوانبارکرا. کریستیچ کۆماندۆی هێزەکانی "درینا" ی سربی بەرپرسیار لە ناوچەی سرەبرەنیسا، بوو. لەسەر تاوانەکە سزای 35 ساڵی لە لایەن دادگاوە بۆ بڕایەوە.[28] تاوانبارکردنەکە لەسەر دوو بنچینە بوو؛ 1. سەلماندنی بوونی "مەبەستی تایبەت" بۆ لەناوبردنی بەشێکی گەلی بۆسنا، لەهەمان کاتدا هەموو بۆسنیەکانی سرەبرەنیسا. 2. هەروەها گرنگی "بەش"ی لەناوچوو بۆ بۆسنیەکانی سرەبرەنیسا و هەموو گەلی بۆسنە. وەکو دیارە دوو خاڵی سەرەکی لە بڕیارەکەدا سەرنجیان دراوەتێ. ژمارەکە کە 8000 قوربانییە، لە ئاستی ژمارەی سەرجەمی گەلی بۆسنە کە 4،5 ملیۆن کەسە زۆر بچوکە، بۆیە لەڕووی ژمارەوە کاریگەری لەسەر ئەگەری مانی کۆی گەلی بۆسنەدا نییە. دیارە لەو لایەنەوە سەرنجی بەش لێرەدا نەدراوە. گرنگی ژمارەی بەش بۆ گەلی بۆسنە لە سرەبرەنیسا سەرنجی دراوەتێ، واتە ڕێژەی 8000 کوژراو بەرامبەر بە 40.000 کەسی بۆسنی لە سرەبرەنیسا. دادگا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە مەبەست لە کوشتارەکە لە ناوبردنی هەموو موسوڵمانانی سرەبرەنیسا بووە. لە لایەکیتر دادگا بەشی لەناوچوو بەرامبەر بە کۆی گەلی بۆسنە بە گرنگ و بنچینەیی دادەنێت. ئەوەش لەبەر هۆکاری خاک، واتە لەبەر گرنگی شوێنی ژیانیان. ئەوانە بۆیە لەناو بردران، بۆ ئەوەی ناوچەکە لە بۆسنیەکان پاک بکرێتەوە، چونکە پاککردنەوەی سرەبرەنیسا بۆ دروستکردنی کۆماری یەکرەنگی سربیا Republica Srbska زۆر گرنگ بووە، کە ئامانجی ڕاگەیەندراوی سەرکردە سربەکان بوو. ئەگەر نا ناوچەکانی سربیا بە پارچەیی دەمایەوە و سربەکان بەمەبەستی ناسیونالیستانەی خۆیان نەدەگەیشتن. دادگا پێیوایە کە پاککردنەوەی ئەو بەشە هەڕەشە بووە لەسەر مانی هەموو گەلی بۆسنە. چونکە لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لەژێر پارێزگاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بوو، لەناوبردنی ئەوانە بێدەسەڵاتی و ناسکی گەلی موسوڵمانانی بۆسنەی سەلماند، بۆیە چارەنوسی خەڵکی سرەبرەنیسا بۆ کۆی گەلی بۆسنە گرنگی هەیە.

ئەنجامی دادگای ICTY بەجۆرێ لە جۆرەکان بووەهۆی شکاندنی ئەو بارە دەقگرتووەی کە خۆی لە سەختی سەلماندنی تاوانی گەلکوژیدا دەنواند و کە بە پێناسەکەی UN ەوە لکابوو. ئەو بڕیارە وایکرد کە گرنگی بە لەناوبردنی بەشێکی لەناوچوو بە ژمارە کەم زیاتر بدرێت، بەمجۆرە سەبارەت بە ئەگەری ناساندنی کوشتاری لەو شێوەیە وەکو تاوانی گەلکوژی دەرگە والاتر کرا. واتە دەکرێ بەشێکی لەناوبردراوی بە ژمارە کەم (لە ئاست سەرجەمی ژمارەی کۆی گرووپی بەرکەوتوو)، گرنگی بنچینەیی بۆ ئەگەری بوونی هەموو ئەو گرووپە هەبێت. بەمجۆرە کوشتارەکە بوونی مەبەستی تایبەتی لەناوبردن بسەلمێنێت و بچێتەژێر خانەی تاوانی گەلکوژی.

دەتواندرێ سوود لەو بڕیارەی ICTY بۆ گەلێ کوشتار کە لە ڕابردوو و ئێستادا ڕوویانداوە و ڕوودەدەن وەربگیرێت. بۆنمونە ئەو بڕیارە گرنگی بۆ کەیسی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، شاڵاوەکانی ئەنفال هەروەها کوشتاری دارفوریەکان یا کوشتاری دی لەو شێوانە هەیە، ئەوە ئەگەر دادگای پەیوەستدار بیەوێ سوودی لێوەربگرێت.
لە لایەکیتر ڕەتکردنەوەی بوونی تاوانی گەلکوژی سەبارەت بە کوشتارەکەی دارفور لە لایەن UN ەوە، دروستکردنەوەی دووبارە ڕەشبینییە لە سەلماندنی بوونی تاوانی گەلکوژیدا. هەروەها ئەو ڕاستییە دەردەخات کەوا، سەختیی سەلماندنی تاوانی گەلکوژی لە سایەی پێناسەکەی UN درێژەی هەیە.

**ئەنجام**
گەلکوژی دیاردەیەکی زۆر کۆنترە لە ڕێکەوتنامەکەی UNی ساڵی 1948، کە لەو ساڵەدا وەکو گەورەترین تاوان بەفەرمی بەیاساکرا. ئەو ڕێکەوتنە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە ڕامیاریە بوو کە دوای جەنگی جیهانی دووەم و پاکتاوی جولەکەکان لە لایەن نازیەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەو ڕێکەوتنە لە لایەن ستاتەکانەوە کراوە، بۆیەش بەرژەوەندی ئەوانی لەبەرچاو گرتووە، لەهەمان کاتدا بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستە کە نوێنەری ڕاستەقینەی قوربانیانی پاکتاو و چەوساندنەوەن پشتگوێ خستووە. لە پێناسەکەی UN دا جەخت لەسەر لەناوبردنی فیزیکی ئەندامانی گرووپی

بەرکەوتوو دەکرێتەوە، بۆیە ئەو کردارانەی یا پاکسازیانەی کە پاکتاوی فیزیکی ناگرنەوە، ناچنە ژێر داواکاریەکانی پێناسەکە. لێرەدا گەلکوژی خۆی لە پاکتاوی ڕەگەزی جیا دەکاتەوە.
زۆرینەی ڕەهای شارەزایان لەسەر بوونی مەبەستی لەناوبردنی گروپێک مرۆڤ لە تاوانی گەلکوژیدا تەبان، ئەوەش لە پێناسەکەی UN جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام زۆر لە شارەزایان پێناسەی فراوانیان بۆ تاوانی گەلکوژی هەیە و نایانەوێ هیچ گروپێک مرۆڤ لە پارێزگاری بێبەری بکەن. دیارە UN تەنها گروپی ناسیونال، رەگەزی، ئایینی و ئەتنی لە پێناسەکەیدا دیار دەکات، بەمجۆرە گروپی رامیاری، کۆمەڵایەتی و جۆری تر بەلاوە دەنێت. ئەوەش ڕەخنەی زۆری لێگیراوە. چونکە دەکرێ تاوانکاری گەورە ڕووبدەن، بەڵام بە تاوان سەیر نەکرێن یان وەکو تاوانی گەلکوژی سەیر نەکرێن.
بەپێی پێناسەکانی سەرەوە و بەبێ گوێدانە سنورەکانی UN کە بۆ جۆری گروپی قوربانی داناوە، دەکرێ بڵێین گەلکوژی واتە کردار دژی یا کوشتاری یەکلایەنەی سیستەماتیکیانەی ئەندامانی بێدەسەڵات و بێبەرگری سەربە گروپێکی تایبەت، بە مەبەستی نەهێشتن.

لەبەرڕۆشنایی پێناسەکەی UN، لە بوونی کوشتاری گەورەدا و بۆ سەلماندنی بوونی تاوانی گەلکوژی، جەخت دەخرێتەسەر ئەگەری بوونی مەبەستی تایبەت بۆ لەناوبردنی بەشێک یا کۆی گروپێکی مرۆڤ. مەبەستی تایبەت واتە جێبەجێکردنی کوشتار و کرداری هەنووکەیی کە دواتر ڕەشکردنەوەی گروپێک مرۆڤ، ئامانجیەتی.
سەلماندنی بوونی مەبەستی تایبەتی لەناوبردن، کێشەی زۆرە و لە زۆر باردا بەڵگە و دەکومێنت لەو بارەیەوە نییە، بۆیە لە ئەگەری نەبوونی بەڵگە و دەکومێنت، سەنچ دەدرێتە هەلومەرجی بیندراو کە دەوری تاوانکاریەکەیان داوە.
چەمکی مەبەست یا مەبەستی تایبەتی لەناوبردن کێشە ئامێزە و ئێستاش مشتومڕ لەسەر ئەگەری سەلماندنی بوونی ئەو مەبەستە درێژەی هەیە. هەندێ لە یاساناسان و شارەزایان تەنها کوشتاری زۆر گەورە بە بوونی بەڵگە بۆ بوونی مەبەستی لەناوبردن کە لە پێناسەکەی UN داوادەکرێت، دادەنێن. هەشە بەپێچەوانەوە نایەوێ بوونی مەبەست بە بوونی کوشتاری زۆر گەورە ببەستێتەوە.

لە بوونی کوشتاری بەشێکی گروپێک مرۆڤ، ئەوە سەرنج دەدرێتە ئەگەری کاریگەری ئەو بەشە لەناوچووە بۆسەر کۆی گروپە بەرکەوتووەکە. کاریگەریەکە لە ڕوانگەی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە سەرنجی دەدرێتێ. لە ڕوانگەی چەندایەتی سەرنج دەدرێتە قەوارەی خەڵکە لەناوچووەکە لەچاو سەرجەمی گروپەکە و هەروەها تا چەند نەمانی ئەو بەشە توانیویەتی ببێتە هەڕەشە لەسەر لەناوچوونی گشت. لە رووی چۆنایەتیەوە سەرنج دەدرێتە گرنگی و واتاداری بەشە لەناوچووەکە بۆ ئەگەری مانی کۆی گروپەکە. دەکرێ بەشە لەناوچووەکە بە ژمارە زۆر نەبن، بەڵام بۆ گشت گرنگ بن و واتای دیاریان لەسەر ئەگەری مانی گشت هەبێ.
چەمکی بەش و ئەگەری سەلماندنی گونجاویی بەش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بە پێی جۆری دۆز دەکرێ بگۆڕێ. دیارە چەمکی بەش کێشەئامێزە، چونکە لە پێناسەکەی UN بە وردی و ڕوونی دیار نەکراوە، بۆیە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بۆیە دەکرێ دادگاکان یا یاساناسان لێکدانەوە و ئەنجامی جیاوازیان هەبێت.

[1] هەروەها سەیری ئەو وتارە بکە کە ئەویش سەبارەت بە پێناسەی گەلکوژی نوسراوە:
http://www.kadirshorsh.com/Genocide..Gelkuji%20ya...pdf

[2] Lemkin, Raphael (1947), Genocide as a crime under International Law, *The American Journal of International Law*, Vol. XLI, pp. 149.

[3] سەیری هەموو تێکستەکە لەڕێگای ئەو لینکەدا بکە:
http://www.hrweb.org/legal/genocide.html

---

[4] Mennecke, Martin and Eric Markusen (2003), "The International Criminal Tribunal and the Crime of Genocide", in Steven L. Jensen (ed.), *Genocide: Cases, Comparisons and Contemporary Debates*, Danish Center for Holocaust and Genocide Studies, p. 300.

[5] Tatz, Colin (2003), *With Intent To Destroy, Reflections on Genocide*, pp. xi.

[6] Matthias Bjørnlund, Matthias, Eric Markusen and Martin Mennecke, (in press) "What is Genocide? A Search for Commen Ground Between the Legal and Non-legal Definitions", to be published in Daniel Feierstein (ed).

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[8] Katz, Steven L. (1994), *The Holocaust in Historical Context*, Oxford University Press. pp. 24.

[9] http://www.hrweb.org/legal/genocide.html بۆ زانياري زياتر سەيري

[10] سەیری بابەتێکی تر کە پەیوەندی بە پێناسەی گەلکوژییەوە هەیە لەڕێگای ئەو لینکە بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Genocide..Gelkuji%20ya...pdf

[11] Matthias Bjørnlund, Matthias, Eric Markusen and Martin Mennecke, (in press) "What is Genocide? ...

[12] Prosecutor v. Akayesu, para. 498.

[13] Prosecutor v. Jelistic, para. 108.

[14] Prosecutor v. Radislav Krstic: Judgement, 19 April 2004, case No: IT-98-33-T, parg. 12.

[15] Roth K. Jhon, "The politics of Definition," in Carol Rittmer, Jhon K. Roth and James M. Smith, eds. Will Genocide Ever End?, St. Paul: Paragon House 2002, p. 26.

[16] Matthias Bjørnlund, Matthias, Eric Markusen and Martin Mennecke, (in press) "What is Genocide? ...

[17] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[18] Frank Chalk and Kurt Jonassohn (1990), "The Conceptual Framework," *The History and Sociology of Genocide*, Yale University Press: 42 .

[19] Ratner, Steven R. and Jason S. Abrams (2001), *Accountability for Human Rights Atrocities in International Law: Beyond the Nuremberg Legacy*, second edition, Oxford University Press, 36.

[20] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[21] Matthias Bjørnlund, Matthias, Eric Markusen and Martin Mennecke, (in press) "What is Genocide? ...

[22] Lawrence J. LeBlanc :The Intent to Destroy Groups in the Genocide Convention: the Proposed U.S. Understanding**.** Journal article; American Journal of International Law, Vol. 78, 1984. P. 382.

[23] Matthias Bjørnlund, Matthias, Eric Markusen and Martin Mennecke, (in press) "What is Genocide? ....

[24] Lawrence J. LeBlanc: The Intent to Destroy Groups in the Genocide Convention: the Proposed U.S. Understanding**.** Journal article; American Journal of International Law, Vol. 78, 1984. P. 371.

[25] Prosecutor v. Radislav Krstic**:** Judgement, 19 April 2004, case No: IT-98-33-T.

[26] Ratner, Steven R. and Abrams, Jason S. (2001), p.39.

---

[27] Mennecke, Martin and Eric Markusen (2003), p. 301.

[28] بۆ خوێندنەوەی تەواوی سزا و کەیسەکە سەیری
Prosecutor v. Radislav Krstic: Judgement, 19 April 2004, case No: IT-98-33-T.
http://www.un.org/icty/krstic/Appeal/judgement/krs-aj040419e.pdf